**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٧٨ لە ٢٠٢٤/١/٣٠**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ،وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

١- گۆڕینی (**جێگرایەتی داواکاری گشتی دەشتی هەولێر**) بۆ (**جێگرایەتی داواکاری گشتی بنەسڵاوە**) سەر بەپارێزگای هەولێر .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٧٣٦ لە ٢٠٢٤/٢/٨**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان ،وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

١- ڕاگرتنی دەوامی فەرمی (**فەرمانگەی دادنووسی رزگاری**) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی (**٢٠٢٤/٢/١٣**) تاکو (**٢٠٢٤/٢/١٥**) بەمەبەستی گواستنەوەی فەرمانگەکەیان .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیری داد**